کۆبوونەوەی دافوس: سەرکی جیهانی دزێکان … عەلی مەحمود محەمەد-بەشی یەکەم

گەیشتنی بە دوای مرۆڤایەتی بوون لە سەرمایەاریدا محاڵە, لە لەرێ پێنجا ساڵە ئەلیگارشیەکان جیهان چیاکانی ئەپ بە دوایدا تێ دەکەن, وەلێ نەگەیشتن پێی وەك جیهانی دیلمەن و بەهەشتی عەدەن, ئایا دافوس نوسخەیەکی باشتری سەرمایەداری پێیە بە مرۆڤایەتی ؟, ئەم گەشانەش لە ناچاریەوەیە , چونکە ئەلیگارشیەکان هەستە کەن بەهەی نایەکسانیەکەوە ئابلوقە دراون لە جیهان, نەزایەتیەکان رۆژو ساڵ لە دوای ساڵ رەکخراوترو رادیکاڵترو فراوانتر دەبن, ئەوانیش چارسەریان تا ئێستا بە ئەم نەخشیە کوشندەیە نەدەزیوەتەوە, کۆبوونەوەی دەوڵەمەندانی جیهان, رەکخرانی ئەم سەرکە گەورەیەی سەرمایەداری جیهانی , لەم نمایشە گاڵتە جاڕیەیاندا کە نوخبەی سەرمایەداری جیهانی بەشدارن تیایدا قسەو باس لەسەر داهاتووی ئێستەرکەمان دەکەن, گفتوگۆ لەسەر چاککردنی سستەمی سەرمایەداری و درۆژە دان بەو سستەمە دەکەن,قسە لەسەر سفرەی بەردەست و جێگای خەوتن و هەوای ناو سیەکانمان دەکەن, دافوس شوێنی یەکتر بینینی ئەوانەی هەکاری کەشکانی نایەکسانی پیسی ژینگەو شێن, لەم پێنجا ساڵە ژمارەی دانیشتوان لە 3,7 ملیارەوە بە 7,7 ملیارن زیادی کرد, ژمارەی ملیاردەرکان سەدان جار زیادی کرد, بە یەکەمجار لە مێژوودا 3 ملیاردێری خاوەند زیاتر لە سێت ملیار دۆلار هەیە لە جیهان, بەفری گرینلاند توایەوە , ئەمان هەشتا حکایەتکانی رابردوو دوبارە دەکەنەوە, تەنانەت بەخششکانی گیتس و بافێت و 200 لە هەرە دەوڵەمەندکانی ئەمریکا هیچی لە دەردو بەاکانی سەرمایەداری وەك زکاتکەی لە مڵە خەمان چارسەر نەکرد, بگرە قەیرانکان توندتر بونەوە,گیتس وەای بەخششکانی لە دەیەی رابردوو کە گەیشتە 45 ملیار دۆلار, کەچی 60 ملیار دۆلار قازانجی کردووە سەرمایەکەی بووە بە 113 ملیار دۆلار, وارن یافتیش بەخششترین سەرمایەداری جیهانە سەرمایەکەی 38 ملیار لە 10 ساڵی رابردوو زیادی کردوە بووە بە 89 ملیار دۆلار, هەرچەندە لەو ماوەیدا 27,54 ملیار دۆلار بەخششی کردووە.

پێنجا ساڵە ئەلیگارشیەکان جیهان لەم دافوسە کۆدەبنەوە, باسی چارسەرکردنی کەشکانی مرۆڤایەتی دەکەن, کەچی ساڵ لە دوای ساڵ بە

سەرمایەی زیاترەوە دەنووە, لەولاوە نایەکسانی قولترو ژینگە پیستر و شڵەکان ماوەرانکەرتر دەبن, ناوەرن پێنجە بخەنە سەر سەرچاوەی کێشەکان و گوە لە بیستنی چارەسەرە راستەقینەکان بگرن.
لە کۆبەندی پێنجاهەمینی داڤوس, بە بەشداری 2821 کەس لە 118 وڵاتەوە, 20 ی مانگ دەستی بەکارەکانی کرد, کە تەنها 24%یان لە ژنان پێك هاتبوون, لە ناویاندا 53 سەرۆکی وڵاتان هەیە, هاوکات 1680 سەرمایەداری زەبلاح هەن, کە 1052یان لە ئەوروپای ڕۆژئاوا, 740 لە ئەمەریکای باکور, 296 ئاسیاو ئۆقیانوسی ئارام, 220 ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست, 145 باشوری ئاسیا, 113 ئەمەریکای لاتین, 110 ئەفریقا, 103 ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپا, ئەسترلاسیا 42 کەس بەشداری دەکەن , بەشەوەی گشتی نوێنەرایەتی ئەلیگارشییەکانی جیهان و لە ناویشیاندا وڵاتانی دەوڵەمەندی جیهان دەکەن.

لە 20ی ئەم مانگەوە 2821 کەسە لە دەستە بژێری سیاسی و ئابووری جیهانی لە داڤوس وەك 50 ساڵی ڕابردوو کەبونەتەوە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی سستەمی سەرمایەداری, ئەو کێشانەی تا ئێستا بەشداربووان بەشەوەی جدی قامکیان لەسەری دانەناوە, یان نایانەوێت نەخشییە ڕاستەقینەکە دیاریبکەن, بەیە چارەسەرکێشیان تا هەنووکە نەدەزیوەتەوە, ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جار لە دوای جار قەیرانەکانی توندتر دەبێتەوە, جار لە دوای جار بە قەیرانی زیاترەوە دەنووە بە کەبونەوکان, داڤوس وەك چارەسەری کیمیاوی نەخشی شڕپێنجەی لە هاتووە.
کۆبەندی داڤوس دەسەاتکی شاراوەی هەیە, ئەجندای بازاڕەکان دیاریی دە کات بە ڕزگار بوون لە قەیران, لە ڕاستیدا نەك قەیرانی هەژاری و نا یەکسانی و ژینگە و جیاوازی جەندەری چارەسەر ناکات وەك ئیدعای دەکەن, بگرە قولی دەکاتەوە, چونکە کەبونەوەکە خودی خەی بە ڕزگارکردنی سستەمی سەرمایەداریە لە قەیرانەکان کە سەرچاوەی ئەو دەردو مەینەت و کێشانەن کە ئاماژەیان پێ دەکاتدابەزینی ڕۆژەی گشەی ئابووری جیهان بە 2,4% بە تایبەتیش ئابووری چین بە 6,1% کە 30%ی گشەی ئابووری جیهان بەرهەم دەهێنێت, دابەزینی ڕۆژەی گشەی بارگانی جیهانی بە نزیك 1,5% و زیادبوونی نایەکسانی ئابووری گەیشتەتە ترپك , مەترسی ژینگە, ئاڵۆزی سیاسی و بەربەاوبوونی ناڕازایەتییەکان کە شەوازی جیهانیان بەخەوە گرتووە , زیرەکی دەستکرد و باڵادەستی چین تیایدا و مەترسییەکانی و بەکارهێنانی لە بواری سەربازیدا, شڕەی بازرگانی و بەدەسەات گەیشتنی حکومەتە ڕاستگرا پۆپلیستەکان و تێشێنە کردنی ئایدیای ئابووری ناسیونالستی …. گشەی خەباتی چینایەتی , ….

ئەمانەو زەر کەشەی دیکەی بەرەکی بە دافوسچییەکان گرتووە.
داڤس دەزگایەکە کاری پاراستنی سستەمی جیهانە لە بەرژەوەندی دەسەاتی ملیاردێرو کەمپانیا فرە نەتەوەییەکان, بەیە ناتوانێت دەست بە کرەکی کەشەی پرەلیتاریا و بریکاریا ببات کە کەشەی نایەکسانیە, وەلە کاتێکی گونجاوە بە ژوانی پیاوانی سیاسەت و پیاوانی ڕەستریت و کەمپانیا زەبلاحەکان, لە دوری ژاوە ژاوی ڕاگەیاندنەکان بە ئارامی گوە بە دەردە دەی یەکتر بگرن و سەفقاتی ئابووری زەبلاح واژە بکەن.
جیاوازی چینایەتی ئەمڕە لەهەموو کات و ساتێکی نیو سەدەی ڕابردوو زیاتر بەتە کەشەی مرۆقایەتی لە بەشێکی زەری جیهاندا, ڕەژ لە دوای ڕەژ ئەم جیاوازییە لە بەرزبونەوەدایە, شەرشی پیشەسازی چوارو " زیرەکی دەستکرد" زیاتر بەرەو هەڕەکشانی دەبات, ڕاپەرتە سەانەکانی ئەکسفام و مشتومڕەکانی دافوس بونەتە تیرمەمەتری سەرمایەداری جیهانی, لە ڕەگەیەوە دەتوانین لە ئەحوالیان بزانین و ئاگداری گیرفان و قازانج و ترس و دڕاوکەکانیان ببین, ئەوان جار جارە لە کەناڕەکانی خیانەوە باسی خزمەتی مرۆڤ و دادپەروەری و پاراستنی ژینگەو نەخوەندەواری و نەخەشی دەکەن, وەلە ساە لە دوای ساە سفری پارەکانیان زیاد دەکات و دەبنە سەرچاوەی زیادبونی نایەکسانی لە جیهاندا, ئەو دەستبژڕە کە باسی چارەسەر دەکەن, بە خیان سەرچاوەی کەشەکانی ئەمڕەی مرۆقایەتین, بەناوی مافی داهنانەوە سەرچاوەی گرانی دەرمان و نەخەشی بەردەوام و پیسی ژینگەو تاان کردنی ڕەنجی کارو سامانی سەر زەمینی ژێر زەمینی ئەم گەردونەن.
50ساڕە سەرمایەدارانی جیهان لەرە لەم دافوسە بچکەلانەیە, لە پەنای چیای ئەلپ و لەناو بەفری ئەم شارە ڕەنگینە لە هەڵ و ژورە گەرمەکانەوە,کرێی شەوە خەوکیان 5000 دەلارە, کە داهاتی 20 ساڵی هاووەاتیەکی باشووری سودانە کەدەبنەوە, سیاسەتێکی ڕەش لەو شارە سپیەوە بە جیهان دادەڕژن, کەدەبنەوە بە باسکردنی کەشەکانیان و لە ڕەگریەکانی بەردەم کەڕەکردنی سەرمایەو دەرباز بوون لە قەیرانەکان , ساە لە دوای ساە بە پارەی زیاترو خانوی گەورەتر و کەشتی جوانترو هاوسەری گەنجتر و ئەتەمبیلی مەدڵ باەترەوە دەگەڕێنەوە بە ئەم بەهەشتە زستانیە, بە ئەتەمبەڵ و فڕۆکە تایبەتەکانیان ژینگەی ئەم هەوارە کوستانیەش وەک وەاتەکان لەمڕە خیان وەرانە کەن, کەچی بەردەوام باسی قەیرانیش دەکەن, وەلە هەر غەمبارن و ناازین لە بەش و دەسەاتیان, شەوە دەنە دەم ڕەژەوە بە کەکردنەوەی زیاتر, کەچی باسی دادپەروەریش هەمیشە لەسەر زاریانە, لە هەر 5 دەلاری ئەم جیهانە 4ی لە گیرفانی ئەماندایە, کەچی مستەری ملیاردێر لە گەڵ ملیاردێردا گفتوگۆی ژیانی کرێکاران دەکەن, بە بە

بەشداری نوێنەری سەدان ملیۆن کەس ئەوانەی رۆژانە بە کەمتر لە 1,9 دۆلار , باسی لانی کەمی کرێ و نا یەکسانی و کار خەرخوازییەکانیان دەکەن, بە وتەی خۆیان کێشەی هەژاری چارەسەر دەکەن, هەرچەندە ئەوەی هەیانە زۆر زیاترە لە نرخی چارەسەری هەژاری, نەخوێندەواری, نەخۆشی, کێشە کۆمەڵایەتییەکان, چارەسەری ژینگە, جەندەر..... کێشەی ئاو و تەواڵەت و پیسی ژینگە و مردنی ژنان و .....دیان دەردو ئافات کە سستەمکەیان سەرچاوەین لە جیهاندا, وەلە هەر حەکایەتی لەسەر گەرمە کەن کەچی لەو رۆژەی کۆبەندی دافوس دامەزراوە, جیهان بەرەو خراپتر دەڕوات و کێشکان گەورەتر دەبن, جیاوازییەکان زۆرتر, هاوکات رۆژ لە دوای رۆژ بەشداربوانی دەوڵەمەندتر دەبن, لە پاڵیا ماوە ماوە بە نەخشە کونجکی جیهان دە کەنە جەنەم بە ئەوەی جەنەمەکان دیکەی پێ جوانتر بکەن و چەکانیانی پێ تاقی بکەنەوە, بازاڕی پێ گەرمتر بکەن, لە پاڵیا چنگە دانەك بە خەکەکە بەناوی خەرخوازییەوە ڕەکەنە سەر زەویەکان.

کۆبەندی دافۆس کەبونەوەی دەستبژێری سیاسی و ئابوری جیهان و ملیاردێرەکان و بەڕێوبەری بانکەکان و سیاسەتمەدارانی سەرمایەداریە, زۆریان ملیاردێرن, سەرەکی 1680 کەمپانیا بەشداری دەکەن, سەرمایەی کەمپانیاکانیان لە 5 ملیار کەمتر نیە,هەندەکیشیان سەرکردەی ملیاردێرن, هەشیانە دەڵاڵی ملیاردێرەکانن, دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی دافوس کلکیان پەکەوە گرێ داوە, ئەستا زیاتر لە هەر کاتەك ئاشکرایە دەسەڵاتداران بەرژەوەندی سەرمایەداران دەپارێزن, فاقی تەنافی سستەمی سەرمایەدارین, تەنها ئامرازکن بە شەرعیەت دان بە تاوانیەکان لە جیهاندا بە سستەمی سەرمایەداری, بەشکی دیکەشیان بەڕێوبەری راپەاندنی کەمپانیاکانن کە موچەکانیان سەدان جاری کارەندانی ناو دەزگاکەی خەیانە وەای بەخششکان و وەرگرتنی پشکەکان" لە هیندستان 0,35 ڕۆژ بەسە بە ئەوەی بەڕێوبەرەکی راپەاندنی کەمپانیایەك کار بکات, بە ئەوەی موچەی ساڵەکی کرێکارەکی ئاسایی وەربگرێت , لە ئەمریکا 1,56 ڕۆژ , لە مەکدۆناڵد کرێکارەك پێویستە 3101 ساڵ کار بکات تا موچەی ساڵەکی بەڕێوبەرەی راپەاندن وەربگرێت", بەڕێوبەری راپەراندنی کەمپیانیا ئەمریکیەکان کە لە ساڵی 1965 دا 65 جاری کرێکارەکی ئاسایان وەردەگرت, لە ساڵی 1989 بەرزبوەوە بە 58 جار, لە ساڵی 2009 دا گەیشتە 200 جار , ئەمساڵ کە بەشداری دەکەنەوە کرێکانیان 312 جاری کرێکارەکی ئاسایی ئەمریکیە, بە پێی عەقلیەتی

بەشداربووانی کۆبوونەکەش بۆت ژمارەکە زۆر ئاسایین, ئەوان زیرەك و داهێنەرو جێنتڵ مانن و شایستەی ئەو موچەیەو ئیمتیازاتەن.
کۆبوونەکە وەڵامای ئەوەی زۆمبی ژینەری تەدایە, کە ژنان تەنها 24%ی بەشداربوانن, هاوکات هەموو ئەفریقا 110 کەس و ئەمریکای لاتینیش 113 کەس و باشووری ئاسیا 145 کەس بەشداری تێدا دەکەن, نزیك بە 63,5%ی بەشداربووان هاووڵاتی ئەورووپای ڕۆژئاواو ئەمریکا و کەنەدان, جگە لە ئوستڕالیاو نیوزلەندو ژاپۆن و .. واتا کۆبوونەوەی ڕۆژئاوایە نەك جیهان.
هەر یەکە لە بەشداربووان 60 هەزار دۆلاری خەرجی دەدەن بۆ بەشداریکردن" جگە لەوانەی بانگ دەکرێن وەك سەرۆك حکومەت و دەوڵەتکان, یان پێشکێشکارانی تۆڕینەوەکان",کە هاوتایە بۆکارکردنی 75 ساڵی کرێکارێکی هیندی و بەنگڵادشی و کەمبۆدی و دەیان وڵاتی دی, ئابوونەوەی کەمپانیا زەبلاحەکانیش بۆ ئەندازەی هەزار ساڵ زیاتری کرێیانە, لەم دیدارەی نێوان سەرمایەداران و دەسەڵاتداران, ئاسایشی ئەم نوخبە دەسەڵاتدارە ڕاستەقینەی جیهان هەزاران چەکداری سویسری دەیان پارێزەت,شارچکەیەك فڕینی ئاسمانی و خزمەتگوزارانی سەر زەوی تەدا قەدەغە دەکرێت لە ڕۆژانی کۆبوونەکە, پلەتەقراتەکان کە باسی دیموکراسی دەکەن, دیموکراسی و نائازایەتی یاساغ کەن, هەرچەندە بریار وایە دیموکراسی ڕاستەوخۆکەی سیوسرا نموونەیی بێت لە جیهان, بە ناچاری نێیارانی سەرمایەداری لە دوروە خەیشاندان لە دژیان ئەنجام دە دەن, ئەوان حەز بە بیستنی ژاوە ژاوی نێیارانی سەرمایەداری ناکەن, هەرچەندیش گوایە گفتوگۆکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاریە, وەلە ناشیانەوێت ڕاستەوخۆ گوێبیستی داخوزی هەژاران بن, نە لەناو کەنگرە و نە لە دەروەی کۆبوونەکە.
ستیف بانون ڕاوێژکاری ڕاستگەرای دەرکراوی ترەمپ, یەکێك لە مەزە گرنگەکانی ڕاستیزم و ئابووری نەتەوەیی لە جیهان, ئاگەر هیچ وتەو وشەیکی ڕاست نەبووبێت تا هەنووکە, ئەو وتەیەی ڕاست بوو کە لە ساڵی 2014 وتی" کرێکارانی جیهان بەزار بوون بەیار لە گروپێك لە دافوس وەربگرن", لە ڕاستیدا هەموو بەیارەکانی جیهان لە چەند کۆبوونەوەیەکی واوە وەردەگرتەت, وەلە ڕو لە کرێکاران نییە بەیارەکان ڕو لە سەرمایەدارانە بە چەنیەتی بەرەو ڕووبوونەوەی کرێکاران.
پاپا فرانسیسیش بەزاری خەی لە بەرز بونەوەی جیاوازی چینایەتی بە بەشدارانی دافەس دەربەی, وەلە بەزاریەکەی نابەتە جێگای پەشوازی بەشداربووان بە ئاستی دابەزاندنی باج لە لایەن ترامپەوە لە ساڵی 2018دا لە 35% ەوە بە 21%, ملیاردەرەکان سوپاسی ترامپیان کرد بە

کەمکردنەوەی باج, لە نەیاری ترامپەوە بونە دەستی نزیکی, هەواڵی ئەم مزگەنیەی حاکمە ملیاردێرەکە خۆشی بەیاری ساڵ و دەیە بو بەیان,بەیە ئەمساڵ بە گیرفانی پتڕەوە پشوازیان لە ترامپ کرد, ئەوان مردون بە سیاسەتی ئابوری ترامپ چونکە دەربەی بڕژەوەندییە چینایەتییەکانیانە, بەڵام نەیاری سیاسەتین کە زیان بە بڕژەوەندیەکانیان دەگەیەنێت و ناشرینیان دەکات , پێچەوانەی ئەباما دژ بە بەیارە ئابوریەکانی بوون شەیدای سیاستەکەی بوون, ئەوەبوو ساڵی 2018 بووە ساڵی قازانجی زیاتری سەرمایەداران و بەرز بوونەوەی بازاڵی پشک و دراو, ساڵی خەرو بڕەکەت بوو بە سەرمایەداران بە گشتی وە ئەمەریکا بە تایبەتی.
لە کاتێکدا جیهان لە چونە ناو قۆناغی تێکی سەسیدیس دایە, شەڕی بازرگانی ئەمەریکاو چین لە قۆناغی ئاگربەستدایە, بەوەی سەرکردایەتی جیهانی ئاوگێی پێبکرێت, چین لە دڕگای هاتنە ژورەوەدایە و ئەمەریکاش نازانێت چۆن پاشکشەی پێبکات, ئاشتی یان شەڕ, هەرچەندە لە سەدەی رابردوو تێکی سەسیدیسسەکان بە ئارامی ڕەیشتوونە, بەریتانیا بە ئارامی جێی هەشت بە ئەمەریکی و سۆڤیەتییەکان, سۆڤیەتیش بە ئەمەریکای بە قۆڕ چێی کرد, پێڕۆزە زەبلاحەکانی مەد ئین چاینەی 2025 و پشتەن و ڕێگا و گەیشتن بە بەشی تاریکی سەر مانگ و گەشەسەندنەکانی کەمپانیاکانی هەواوی و عەلی بای و شیاومی و .... و گەشەی پیشەسازی زیرەك و راگەیاندنی هەر ڕۆژەی داهێنانەك لە بواری پیشەسای زیرەك و سەربازی و گەیاندن بەتایبەت جی 5 و کارکردن لەسەر جی 6, سەرکردایەتیکردنی تێکی پەیوەندیجی 5 لە جیهاندا, کە جیهان لە دەیەی داهاتوودا دەگۆڕێت, ئەمەریکای خستەتە ناو تارمایی تاڵی گومانی تێکی سەسیدیسەوە, ترسی لە دەستدانی سەرکردایەتی جیهانی دایگرتووە, بەوەی وەك پێتین وتەنی ئەوەی سەرکردایەتی پشەسازی زیرەك بکات سەرکردایەتی داهاتووی جیهان دەکات, لەم کاتەدا جیهان خەریکی چین و ئەمەریکایە و ململانێکانیان هەمووانی بە خەیەوە خەریەك کردووە لەسەر سەرکردایەتی شێشی 4ی پیشەسازی, لە لایەکی دیکەوە ساڵی 2019 ساڵی خەپیشاندانە گەورەکانی جیهان , ساڵی زیاتر بوونی قۆشتی جیاوازی داهات کەمەگاکان بوو.
جیهان بەهەی جی 5 و زیرەکی دەستکردەوە لە بەردەم ئاوگێی هەڕەکانە, لە نەوان براوەی نوێ و دۆاوی نوێ, وڵاتان, کەمپانیاکان, کەنە بناو بانگەکانی وەك کەداك و وڵاتانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا دۆن, ئەپڵ و ئەمازۆن و مایکرۆسۆفت و عەلی بابا و هەواوی و چین و هیند و بەرازیل دەن, عەولەمە لە پاشە کشەدایە, ناسیۆنالیزمی ئابووری لە پەرەسەندندایە, سەرمایەگوزاری

لە کەرتە پێشکەوتووەکانی پیشەسازی بەربەست لەبەردەمی دروست کراوە, شێوەی بازرگانی لە نێشونمادایە, متمانە بە حکومەتکان نەماوە یان لە کەمبونەوەی بەردەوامدایە, بە پێی راپرسی ئێدلمان تڕست, دانیشتوانی 20 وڵات لە کێی 28 وڵات کە راپرسی تێدا کراوە متمانەیان بە حکومەتکانیان نەماوە, متمانە بە سەرمایەداری تەنانەت لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکاش لاواز بووە, بە پێی راپرسی دەزگای گالوپ, کەمتر لە نیوەی گەنجانی ئەمەریکی تەمەن لە نێوان 18 بە 29 ساڵ هەوەستی باشیان هەیە لەسەر سستەمی سەرمایەداری, رێژەی گەنجان کە بە پێزتیف سەیری سەرمایەداری دەکەن لە 68%ەوە لە ساڵی 2010 ەوە دابەزیووە بە 57% لە ساڵی 2016 و بە 45% لە ساڵی 2018, واتا لە ماوەی 8 ساڵدا 323% متمانە بە سستەمی سەرمایەداری دابەزیووە, ئەو گەنجانەشی بە باشە سەیری سۆسیالیزم دەکەن رێژیان گەیشتۆتە 51%, واتا لایەنگیری سۆسیالیزم 6 خاڵی زیاتر بووە لە سەرمایەداری, هەرچەندە هێشتا سەرجەم ئەمەریکیەکان بە رێژەی 56% پشتیوانی لە سستەمی سەرمایەداری دەکەن, بەڵام لەناو دیموکراتەکان و بەلایەنەکان لەسەرجەم تەمەنەکانیان 57% یان بە باشە سەیری سۆسیالزم دەکەن.
ئەمە لە کاتێکدایە سۆسیالزم لە مێژوودا لە ئەمەریکا لایەنگری نەبووە. بە سەرمایەی تەنها 119 ملیاردێر بەشدار بووکەی دافۆسی ئەمساڵ کە سەرمایەکیان زاترە لە 500 ملیار دۆلار, دەتوانرێت چارەسەری کێشەی ژینگەو نەخوێندەواری و برسێتی هەنووکەی جیهان بکرێت, وەك بەنج بە کاتێکی دیاریکراو, بەڵام ئەوان جگە لەوەی قسەو کردارییان یەك نییە, بگرە خەشیان لە کەمترین باجدان دەدزنەوە. لە کەتادا دەەم ئایا ئەم 2821 کەسەی دافۆس دەتوانن متمانە بە سەرمایەداری بگەننەوە لە کاتێکدا بە پێی دوایین راپرسی جیهانی کە دەیان هەزار کەس بەشداری تێدا کردووە زیاتر لە 50%ی بەشداربووان باوەڕیان وایە سەرمایەداری زیانی زیاترە لە قازانج " البحث عن معنى الرأسمالية-إيشان پارورا اتحاد 2020-1-21 " .

مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت-3- تێری لین کارڵ

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زێری (*)

لە عەرەبییەوە : نەژاد عزیز سورمێ

(بەشی سێیەم)

ئاماژەیەك لە وەرگێڕەوە

(تێری لین کارڵ Terry Lynn Karl پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسییەکان ، 21ی نۆڤەمبەری 1947 لەدایك بووە . ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی ساڵی 2007 لە لایەن – پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق –کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدولجەببار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بڕووت باوکراوەتەوە .
نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ئاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت ومەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆری دەسەڵز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بەڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە و نەك هەر گەشەی دەوەستێنێ یا دوای دەخا ، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە ، لەم بوارەشدا نموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەگەنەویست دەنێتەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا .
بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاووونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی ، دەنا ئەنگە بابەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بۆ تا خۆنەر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر .)
وەرگێڕ

تێماری ئێپێك

کارڵایی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ئێپێك دوای سێ شەپۆلی خرۆشانی نەوت گەواهییەکی
حاشاهەڵنەگرە بەسەر ئەم تەڕە داڕژراوەدا .
ئەنگە ئەوەی زیاتر لێتێژ نیگەران دەکا کە لە تێماری ئەو

وەتانەدا ، نەوان ئەو دوو دەیەیە
دەکەوتەوە سەرەتای حەفتایەکان بەدوای خرۆشانی نەوتەوە هاتن
ئەوەیە ، وەتانی تر
بە کردەنی بە پلەی جیاواز پاشەکشەیان لە گەینی ئەو زەربوونە
گەورەیەی لە کەی بەرهەمی ناوخۆدا GDP بە خۆشگوزەرانی هاوشێوە لە
ژیانی گەلەکانیاندا کرد ، لەباتی ئەوە
لە بارێکی خراپتر لەوەی یەکەمین جار بۆی دەچین دەیانبینین ،
چونکە ئەو دەوڵەتانە
بەدەست داەمانی کشتوکاڵ و کەرتی پیشەسازی و داەمانی سیستەمی
بانکی و کەم بوونەوەی
هەناردەی دەرەوەی نەوتەوە گیردەن ، نیشانەی بنچینەیش هەیە پەمان
دەڵ کە دەخی ئەو دەوڵەتانە خراپترە لە باری زەر لەو دەوڵەتانەی
نەوتیان نییە و ململانێیان لە پەناوی ئەوەدا کردووە خەیان لەگەڵ
زەر بوونی لیستەکانی وزەدا بگونجێنن .
هەر کە گەیشتینە ناوەاستی نەوەتەکان وای لێ هات کورتهێنانی
ساەانەی وەتانی ئۆپێك
لە شمەك و خزمەتگوزاری لە جیهانی وەتانی گەشەسەندوو لە هەمووان
زەرتر بێ
ئیتر گەیشتە ئەوەی هەموو ئەو وەتانە لە پشان زیاتر پشت بە
هەناردەی تاك شمەکی ببەستن
هەروەها قەرزەکانیان زەر زیادی کرد ، سەرەای ئەوەش هەموو
دەوڵەتانی ئۆپێك
کەوتنە بەرامبەر گەورەترین دەستگرتنەوە (تقشف) کە لە میانی ئەو
چوار دەیەیەی
ابردوودا پێیدا تێپەیون .(11)
وانینێکی وردی دەرهاوشتە بەردەستەکان وێنەیەکی ەشی تاریکمان
بێ دەردەخا ،
مەسەلا لە بواری نەشونمای ئابووریدا دەبینین دەوڵەتانی ئۆپێك (
ئەندەنووسیا نەبێ)
لە ماوەی ساانی 1974 تا 1994 تێکای مامناوەنجی گەشەی ساانەی
زەر کەمترە
لە تێکای ناوەندیی گەشە لە ماوەی ساانی 1960 تا 1973 ، واتە
ماوەی پش خرۆشانی نەوت
لە کەی استینەی بەرهەمی ناوخۆ گەشەکردنی زیاتر بووە (12) .
لە ئەنجامی ئەو پاشەکشەیەی گەشە و ئەو زیاد بوونە زەرەی ژمارەی
دانیشتووان ئاستی
بژیوی دابەزی و زەربەی دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپێك ماوەی لانی کەم دە

ساڵ لە ماوەی ئەو دوو دەیەدا ئاستی بژاوی دووچاری دابەزین بوو ، لە کاتکدا خراپی دابەش کردنی
داهات و قووبوونەوەی هەژاری و نایەکسانی تووشی واتانی دیکەش بوو ، لەوەش زیاتر
پشکی ڕاستینەی تاك لە داهاتی نەتەوەیی لە فەنزوێلا و عێراق و کوەت و لیبیا و سعوودیە
تا ئاستکی نزمتر لە ئاستی شەستەکان دابەزی ، لە کاتکدا دابەزینی داهات لە جەزایير و
ئێران و نایجیریا هاتەوە ئاستی ساڵی 1975 و سەقامگیری نرخ هەژا ، هەروەها ڕێکوپکی بودجەیش دوای خرشانەکانی نەوت بە تەواوی لك ترازا .
ئستا (1999) دەوەتانی ئپك بە دەست شەپلکی هاوسانەوە دەناێنن کە بە ێژەی
دەیيە نەك یەکی (میرنشینە بچووکەکانی کەنداوی لێ بترازێ) ، بەتایبەتیش ئەو دەوەتانەی پشت بە بەهای خەرج کردنی دوولایەنە بێ نەختینەکانیان دەبەستن و بازرگانییان
بە کتی حکوومەتەوە بەندە .
دەوەتانی ئپك ساڵ لە دوای ساڵ بە دەست توشبوونیان بە کورتهێنانی بودجەکانیان
مانەوە کە جەزایير لە لووتکەی ئەو کورتهێنانەدا بوو ، پاشان ئێران و ئەندەنووسیا و نایجیریا و سعوودیە و ئوکوادر و لیبیا و قەتەر (13) .
ئستا دەوەتانی پارەزری کەنداو هاتنە ناو ناوچەی مەترسییەوە .
بەام بە گورەی قەرزەکانی دەرەوە کە پشتر کەم بوون و پش خرشانی نەوت نرخکی ئەوتیان نەبوو (جگە لە مەکسيك) ، ئستا هەموو واتانی دیکەی ئپك هاتنە پا و یزی
واتانی بارگران بە قەرزی قورسەوە ، لەوەش سەیرتر ئەو واتانە دەستیان دایە قەرز کردن و قەرز کردن .. خراتر لە قەرز وەرگرتنی واتانی بێ نەوت و لاواز لە گەشەدا ، ئەمەش لە لووتکەی هەژانی بێ شومار لە گواستنەوەی دلارەکانی نەوت لە جیهاندا کرا . (14)
بەام لە بواری جرایەتی بەرهەمدا ، واتە وکهنانەوەی پشت بەستن بە نەوت یان وەك
دەگوترێ (تی تەوەکانی نەوت) بێ ئایندە sowing petroleum ئەوا ئەنجام دوورترە
لە ئەسی ویستی حکوومەتان ، لە کاتکیشدا زربەی دەوەتانی ئپك پشت بەستنیان بە کەرتی نەوت کەم کردەوە ، لێ گونجاندنی ئەو کەم کردنەوەیە لەگەێ واقیعدا بێ زیاد بوونکی لەادەبەدەرە لە پشکی

کەرتی خزمەتگوزاری ، هەروەها داماڵینکی لە ناکاو یا وەستاوی لە کەرتی کشتوکاڵدا بە دوای خۆیدا هێنا ، دوا جار ، ئاسۆی بەردەوامی گەشە پێ ناچێ
دەربکەوێ ، ئەمەش تەنیا بۆ پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی بەرەو چك بوون چوودا
ناگەڕێتەوە ، بەڵکو بۆ هەندێ تێچووی شاراوەیش کە بە گشتی ناتوانرێ بەرگەی بگیرێ ،
کە وا دەردەکەوێ ، بە نموونە دەوڵەتانی ئۆپێك بۆی نزیکەی 10,4% لە کۆی گشتیی بەرهەمی نەتەوەیی لە بەرگری خەرج دەکا بەراورد بە 3,3% لەوەی دەوڵەتانی ڕۆکخراوی هاوکاری و گەشەی ئابووری OECD خەرجی دەکەن ، هەروەها خەرجیی سەربازی لە دەوڵەتانی ئۆپێك دا دەگاتە سێ بارتەقای خەرجی سەربازی دەوڵەتانی OECD کە وەك ڕێژەیەك لەسەر کۆی گشتی خەرجی حکوومەتدا هەژمار دەکرێ .
دیسان بوونی دەستبڕاوی و بەفیڕۆدانیش لە بڕی ئەو پێژانەی بە خراپی نەخشەیان بۆ کێشراوە ، باسی ئەو بەفیڕۆدانەیش ناکەین کە لە هەڵکشانی گەندەڵیدا سەرچاوە دەگرێ .
لەگەڵ ئەوەی مەزەندەی باوەڕکراویش لەبارەی قەبارەی گەندەڵی لە بەر دەستدا نییە
بەڵام دەوڵەتانی ئۆپێك تاوانبار کردنی بە لێشاوی لەبارەی بەرتێل و مامەڵەی گومانلێکراوی
تێدایە و نیشانەی ئاماژەکانی گەندەڵی کە ڕۆکخراوی (ڕووبەدەریی – شەفافییەت -نێودەوڵەتی Transparency International) پێی گەیشتووە نایجیریا بە دەوڵەتی
لە هەموان گەندەڵتر دادەنێ لە جیهاندا ، پاشان دەوڵەتانی ئەندامی ئۆپێك دێن وەك
ئەندەنووسیا و فەنزوێلا و جەزایر و ئێران وسعوودیە . (15)
سەرەڕای ئەوەش کێشەی مەترسیداری ژینگە لە شێوەی بەرزبوونەوەی ئاستی پیس بوونی هەوا بە وزەی پێ لە کبریت و وشك بوونی ئاوی سازگار و وێران کردنی دارستانان و کەم بوونەوەی ڕووپێوی لەوەڕگاکان ، بە تایبەتیش پیس بوونی ئاو بەهۆی زیادەڕۆی بەکارهێنانی قۆکەری پیترۆکیمیاوی – کە هەڕەشەیە بۆ توانایی بەردەوام بوونی کشتوکاڵ (16)
لە هەندێ واتای ئەرێنیش هەبووە ، خەرجی حکوومەت دەسکەوتی بەرچاوی ، ئەگەر لانی کەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێ لێ کەوتووەتەوە ، لە زیاد بوونی هەڵی کار بە زیادییەکی هەستپێکراو و چاك کردنی بەرنامەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ، بە نموونە دەوڵەتانی ئۆپێك بەشێکی باشی لە داهاتی نەتەوەیی خۆی بۆ پەروەردە

و تەندروستی تەرخان کرد زیاتر لە هەر کۆمەڵەیەکی دی لە دەوڵەتانی گەشەسەندوو .
ئەو پەرەسندنانە لەو بوارانەدا دیارن ، هەر چەندە لەگەڵ ئاستی خەرجییەکانیشدا
نەهاتبنەوە (17)
وەبەرهێنانیش لە ژێرخاندا زۆر و ئەنجامی بەرجەستەی هەبووە ، لەگەڵ ئەوەی ڕادەی
پێشکەوتنیشی لەگەڵ بڕی پارەی تیا خەرج کراودا تێك نەکاتەوە و هەروەها جۆری خزمەتگوزارییەکان کە لە ئاستێکی نزمدا بووە .
هەروەها هۆیەکانی گەیاندنی بە وایەر و بۆ وایەر و ڕێگە و بانی قیرتاوکراو و
هێڵی شەمەندەفەر و وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا زیادەیەکی هەستپێکراویان
پێوە دەبینرا .
بەڵام جیاوازییەکی هەستپێکراویش لە جۆبەجێ کردندا هەبوو . بۆ نموونە ئەندەنووسیا
بە هۆی زۆر ئەگەرەوە باشترین ئەنجامی بەدەست هێنا لەوانە : کەمتر پشتی بە داهاتی
نەوت بەستبوو هەروەها کەرتی کشتوکاڵی بە شێوەیەکی کاریگەر لە هەموو دەوڵەتانی دی زیاتر پاراست ، هەنگە ئەوەش بۆ سەرگەرمی سەرۆك سوهارتۆ لەو خۆبژێوی بەو برنج بگەیەتەوە .
بە هۆی هاتنەناوی سندووقی نەختینەی نێودەوڵەتیشەوە لە ئەندەنووسیاوە ڕاستەوخۆ دوای خرۆشانی 1973 ی نەوت ، ئەوە بوو وڵاتەکە نەیتوانی سواری شەپۆلی قەرز وەرگرتن (لانی کەم قەرزی زۆر) بۆ کە زۆری نەبرد هەناردەکارانی نەوتی تووشی زیان کرد ، دوا جار بوونی قانوونێك سەقامگیری بودجە بسەپێنێ ، وەك بەشێك لە سیستەمی قانوونی وڵات ، بەری لە حکوومەت گرت بە کەیفی خۆی خەرج بکا وەك ئەوەی دەوڵەتانی دیکەی ئۆپێك کردیان .
لە بەرامبەردا نایجیریا بەباك بۆ داپۆشینی پشێوی هەرمایەتی و ئیتنی خەرجی دەکرد و
وای لێ هات ببێ بە نموونەی ئەوپەڕی پێچەوانەی ئەندەنووسیا .
بەڵام ئەو جیاوازییە لەگەڵ زەبەللاحیشیدا ، هیچی لە واقیعی کارەکە نەگۆڕی ، تەکانی ناوەندی
گەشەی کارای کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ لە دەوڵەتانی ئۆپێك لە نێوان ماوەی بیست ساڵ
دوای خرۆشانی نەوت لە حەفتایەکاندا زۆر کەمتر بوو لە تەکانی ناوەندی ئەو گەشەیە

پێش خرۆشان ، لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەو دەوڵەتانە هەر کە نرخی نەوت لە ناوەڕاستی هەشتایەکان دابەزی کەوتنە ناو گەردابی قەیرانی دەستگرتنەوەیەکی تونددەوە .
ئەم تەمارە نائومێدکەرەیش ئاڕاستەی سیاسی لێکەوتەوە ، بە چاوپێشین لە بەرز بوونەوە
یان دابەزینی نرخ ، هەروەها بە چاوپێشین لە سروشتی سیستەمی سیاسی داخۆ دیموکراتییە یان دیکتاتۆری گۆڕانکاری لەناکاو لە بارودۆخ سیستەمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی هەنارەکاری نەوتی خستە تاقیکردنەوەیەکی دژوارەوە .
هەموو سیستەمێك لە سیستەمەکانی حوکم هەوڵەوەی پشتیوانی سیاسی بە چەورایی سامانی
نەوتەوە لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی سەوداکاری نێوان دەزگای جێبەجێکردنی دەوڵەت و
بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بازرگانیی لەنگەر پێ گرت .
بەرز بوونەوەی نرخی نەوت دەگاتە کەشك تێکچوونی دەمودەستی سەقامگیری لێ دەکەوێتەوە ، هێندەی دابەش کردنی دڵارەکانی نەوت بنکەکانی تری دەسەڵات لەباڵ یەك دەردێنێ ، لە کاتێکیشدا لێشاوی دڵارەکانی نەوت فتیلی کێشەیپەیوەست بە چێنیەتی
داروبەش کردنەوە ئاگر دەدا ئەوا بەهێز بوونی پشێویەکانی پێشتری دوای ئەوەی دابەش کردنی قازانجی بە تەواوی دادەپێشی ، ئاڕاستر دەبوو .
بەم جۆرە دەبینین خرۆشان و خاوبوونەوە پێکەوە کار دەکەنە سەر تێکدانی سەقامگیری .
سیستەمی حوکم هەیە بیتوانیبێ بەرگەی ئەو جۆرە پشێویە بگرێ ، لەگەڵ ئەوەی بەگەی
بەردەست نیشانی دەدا کە دیموکراتییە نیوەچڵەکان توانیویانە خۆیان لە شەڕ و شۆڕشان بە دوور بگرن کە ئێتۆکراتیایەتیەکانی نەوتی هاماڵین (18) ، نموونەیش زۆرە ، ئێران سەرەتا و دراماتیکیترینی نموونانە ، کاتێ شای ئێران لە ئاکامی شۆڕشێکی ئیسلامییەوە ڕووخا ، هەخنە تاەکانی لێی گیرا هەمووی لەسەر پیشەسازی بەپەلەپەل و بە ئاڕاستەی بوونی خۆرای
((شارستانیەتە مەزنەکەی)) بوو .
بەهام نایجیریا ، نایجیریا لە نێوان حوکمی سەربازیی و حوکمی مەدەنیدا بە ئاهەنگی هەبەز و دابەزی نرخی نەوتەوە دەهات و دەچوو بۆ ئەوەی لە چەسپاندنی ئەم یا ئەویاندا سەرکەوتوو بێ .
جەزاییریش لە لێشاوی شۆڕشکی ناوخۆدا نقوم بوو کە لە ئاکامی تێکچوونی نرخی نەوت وڵاتی لەبەن برد .

لە حوکمی سوهارتۆ کە بەدەر بوو لە خراپ ئیدارەدانی دەسکەوتەکانی نەوت ئەوا ماوەیەکی درێژتر بەحاڵی خۆی ڕاگەیشت ، هەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بووبێ کە نەوت ڕێکی کەمتری لە ئابووری ئەندەنووسیادا گرتبێ . بەڵام دواجار ژێمی سوهارتۆ بە هۆی تەشەنەی
گەندەڵی و سەرمایەداری خزمخزمێنەوە داڕما .
فەنزوێللا حکایەتێکی دی هەیە ، ڕاستە هەشتا وەك دووەمین دەوڵەتی دیموکراسی ئەمەریکای لاتین ماوە ، بەڵام ئاڕاستەی و کاری توندوتیژی کە بە تۆندی هەژاندی ، ئەمەش لە هەوڵی کودەتای سەربازی و کۆتایی پەیماننامەی سیستەمی حزبی سیاسیدا هەنگی دایەوە (19) .
بەو مانایە سیاسیە دیاریکراوەیش ، ئەوا نەوت بە ڕاستی گووی شەیتانە .

پەراوێز

Alan Gelb, Oil Windfalls: Blessing Curse? (New York: Oxford University (11) Press, 1988); and Karl (1997)
12))قەیرانی ئەم دواییەی ئەندەنووسیا دوای بیست ساڵ سەری هەڵدا ،
بەڵام پێشهاتەکانی بە دوایدا هاتن ئەم شێوازە پشتڕاست دەکەنەوە ، بڕوانە :
Amuzegar (1999), p.235
(13) Karl (1997), p. 255.
14)) هەر ئەو سەرچاوەیە ل 262 .
(15) زانیارییەکان لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی دەزگای (ووبەدەرایەتی نێودەوڵەتی)ـەوە
وەرگیراون
Data taken from, Transparency International, at .http;//www.transparency.de

(16) خەمڵاندنە تایبەتییەکان دەڵێن بەشی تاکەکەس لە دەرامەتی ژیانێکی نوێبووەوەدا بە ڕێژەیەکی ترسناك کە دەگاتە 72% لە لیبیا و سعوودیە کەمی کردووە ،
94% یش لە میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب و 57% یش لە جەزایر ، لە ئەنجامی
پیس بوون و زیادەڕۆیی ئاودانی کشتوکاڵ .
تەماشا کەن ژمارەی خەرجی سەربازی لەم وڵاتانەدا بڕاو ناکرێنەوە ،

كه دوايى
ئەوەى لەم بارەيەوە دەكەوێتە بەردەست هەروەها لەبارەى بازرگانى چەكيش
ورد نييە و ناتوانرێ پشتى پێ ببەسترێ ، ديسان جياوازييەكى گەورە لە نێوان ئەو وڵاتانەدا هەيە ، بەشى خەرجى سەربازى لە كێى گشتيى بەرهەمى نيشتمانى بەنموونە لە دەوڵەتانى كەنداو بەرزترينە لە جيهاندا لە كاتێكدا لە فەنزوێللا دا تا ڕادەيك نزمە .
بڕوانە :
.Amuzegar (1999), p. 179

(17) ئامێزيگار ئاماژە بەوە دەكا ناوەندى فڕبوونى ئەلف وبێ لاى پێگەيشتووان
لە نێوانى بيست ساڵدا گەشەيەكى باشترى كردووە ، لە 47% وە نێوان ساڵانى 1974 – 1975 بووە بە 72% لە نێوان ساڵانى 1993 – 1994 ، بەڵام ئاستى چوونە بەر خوێندن لەسەر هەموو ئاستێك بەرز بووەتەوە .
هەر ئەو سەرچاوەيە ل 170
(18) Karl (1997) بەتايبەتى بەشى نێيەم .
(19) سيستەمى حزبى لە فەنزوێللا بە پێى بنەماى بەڕێننامەى هاوپەيمانيەتى دامەزرا ،
ئەمەش واتە حزبە سياسيە سەرەكييەكان ڕێككەوتنێكى بنەڕەتييان كرد سنووردێك
بۆ ململانێى نێوانيان دابنێن و چەندىەتى و چۆنيەتى كێشە وروژاوەكان لە پێشبڕكێى
هەڵبژاردن كەم بكەنەوە .
ئاشكرا بوونى ئەو ڕێككەوتنە نهێنيانەيش بوو بە هۆى هەڵبژادنى فەرماندەيەكى
پێشووى سەربازى كە هەوڵى دابوو كودەتايەك بەسەر حزبە سەرەكيەكاندا بكا .

… دەراوکێی ئەکتەری شانۆ لە کاتی نواندن دا ن/ کامەران حاجی ئەلیاس

یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە زۆرێك لە هونەرمەندان (ئەکتەر، گۆرانی بێژ ، پێشکەش کار..) تووشی دەبنەوە بریتیە لە رووبەرووبوونەوە لەگەڵ بینەران هەرچەند خاوەن ئەزموون نێکی زۆریش بێت یان مۆژوویەکی هونەریشی هەبێت.. بەڵام ئەم جۆرە ترس و دڵەراوکێیە کارێکی سروشتییە، چونکە دەرکەوتن بەرامبەر بەجەماوەر کارێکی ئاسان نیە بە تایبەتی لەسەر شانۆ کاتێ ئەکتەر بەشێوەیەکی زیندوو راستەوخۆ دیالۆگ یان جوڵە لەگەڵ بینەران دەکات ، هەڵکارەکەشی بۆ هەیبەت و مەزنی شانۆ دەگەڕێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە توانستی ئەکتەر رۆڵ دەبینێت بۆ دەرباز بوون لەو دڵەراوکییە لە کاتی نواندندا ئەگەرچی زۆر کەس لە پسپۆرانی شانۆ ترس و دڵەراوکێ لەلای ئەکتەران لەسەرەتای دەست پێکردنی نواندن بە پێوستی دەزانن بۆ ئەوەی نواندنەکەی سەرکەوتوو بێت.. ئەکتەرە مەزنەکان کەهەموو ژیانیان لەسەر شانۆ بووە هەردەم دووپاتی ئەوە دەکەنەوە (5-10) خوولەکی سەرەتای نمایش توشی جۆرێك لە ترس و دڵەراوکێ دەبن ، بە کارێکی نۆرماڵ دەزانن.

دڵەراوکێی شانۆ چیە؟

دڵەراوکێی شانۆ لەو کاتەی ئەکتەر دیالۆگێك یان جوڵەیەکی راستەوخۆ بەرامبەر بە بینەران دەکات ئەو حاڵەتە پێیدەگوترێت (دڵەراوکێ سات) لەو کاتەی ئەکتەرلە هەموو نمایشیکدا کە سەرەتا پێدەنێتە سەرشانۆ جۆر ترسی و دڵەراوکێ و تەنگ نەفسی لەلادروست دەبێت لەراستییدا دڵەراوکێ بە پلەیەکی مامناوەند پێویستە بۆ ئەو ئەکتەرانەی لەسەر شانۆ دەوستن کە پسپۆران بە دڵەراوکێیەکی تەندروست ناودەبن، هەر بۆیە هەموو دڵەراوکێیەکی شانۆیی نابێتە هۆی نالەباری کەسایەتییەکە و کاریگەری نەرێنی لەسەر نواندنەکەی نابێت بە تایبەتی کاتێ دڵەراوکێیەکە بۆ چەند چرکەیەکی دیار کراو بێت ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە دڵەراوکێی شانۆ ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەرە نەتوانێت دیالۆگ و جوڵەو نواندنەکەی وەك پێویست ئەنجام بدات بە جۆرێك هەموو شتێکی لە بیر بچێتەوە،کاریگەری نەرێنی لەسەر رۆڵەکەی هەبێت بگرە لەسەر کۆی نمایشەکە دەبێت.

نەك هەر کەسی ئاسایی زۆر ێك لە ئەکتەران خاوەن بەهرەو توانستی زۆر باشن بەڵام ئەو گرەکۆرەیان هەیە(دەراوکێی شانۆ) ناتوانن ئەو پەیامەی هەیانە بگییەنە بینەران ئەمەش زیاتر بۆترس و شەرم دەگەڕێتەوە.

نیشانەکانی دەراوکێی شانۆ لەلای ئەکتەران:

هەندێك ئەکتەر لە ڕۆژانی پڕۆقە باشترین نواندن ئەنجام دەدەن بەتایبەتی لەجەنراڵ پڕۆقەدا هەرلەرووی دیالۆگ و جوڵە و دەنگ کەچی لە ڕۆژی نمایش لەو ئاستەدا نین بۆگومان فاکتەر زۆرن یەکێك لەوفەکتەرانە بۆ دەراوکێی شانۆ دەگەڕێتەوە بەهۆی بیرکردنەوە لە بینەران بەجۆرێك هەر بۆیە هو ئەکتەرانەی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن لەکاتی نواندنەکەیان بینەر لە هیچ لە وشەکانی ئەکتەر حاڵی نابێت ،لە هەمان کاتدا گرژی دەموچاو و ئارقەی شەرەم و ترس بەرووبی بە دەموچاوی ئەکتەر بەدیار دەکەوێت نەك ئارقەی ماندووبوونی نواندن.

ئەکتەر چۆن بەسەر دەراوکێی شانۆدا زاڵ دەبیت؟

زۆر جار لە کاتی نواندن ئەکتەر تووشی ترس و دەراوکێ شانۆ دەبێت بۆ دەربازبوون و زاڵ بەسەر ئەم حاڵەتە چەند ڕێگایەکی زۆر ئاسان هەیە ئەویش بەهۆی ڕاهێنان کردن لەسەر جەستە و مۆشك دەبێت بە چەند هەنگاوێك ئەکتەر دەتوانێ لەو دەراوکێیە رزگاری بێت لێرەدا باس لە هەنگاوانە دەکەین:

1-خاوکردنەوەی جەستە: پێش دەرچوونت بۆ سەر شانۆ هەوڵبدە هێمنی ئارامی خۆت بپارێزیت لەگەڵ کەمکردنەوەی گرژییەکانت ، چونکە ئەمانە هاوکارت دەبن بۆ خاوبوونەوەی مۆشکت وە لەهەمان کاتدا دەنگت جێگیر بێت ،ئینجا ڕاهێنانێك لەسەر ئەو دەقەیان ئەو دیلۆگانە بکە کەلەسەر شانۆ دەیڵێت، چەند ئامۆژگارییەك بۆ ئەوەی جەستەت خاو بێتەوە پێش ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ دەربکەویت:

- کەمێك پڕۆقەی دەنگت بکە.
- مۆزەك پێش نواندنەکەت بخۆ بۆ ئەوەی گەدەت خاڵی نەبێت،لەهەمان کاتدا هەست ناکەیت کە گەدەت پڕە.
- وەرزشی ناو دەمت بکە بۆ ئەوەی دەرچوونی وشەو پیتەکان تەندروست بێت بەتایبەتی شەویلگەی خوارەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بنەشت جووین یان ڕاهێنانی زمان دەبێت بەڵام ئاگاداربە نابێن گەدەت خاڵی بێت.
- وەرزشکی شانۆیی بۆ ماسولکەکانت ئەنجام بدە بۆ ئەوەی لە ترس و دڵە ڕاوکێ ڕزگارت بێت وە تووشی گرژی ماسوولکە نەبیت، بەتایبەتی بۆ هەردوو دەستەکانت و قاچەکانت و پشت و شانەکانت.

2- خەیاڵ و بیر کردنەوە: ماوەی 15-20 خوولەك لە کاتی خۆت بۆ بیرکردنەوە لە نواندنەکەت بەتایبەتی بۆ دیالۆگەکانت وەبەگشتی بۆ نمایشەکە تەرخان بکە، بۆ ئەم مەبەستە شوێنکی هێمن و ئارام دابنیشیت و هەردوو چاوەکانت دابخە دەست بە هەناسە وەرگرتن و هەناسە دانەوە بکەیت بەشێوەیەك هەموو جەستەت خاو بێتەوە، دوایی ئەنجامدانی هەموو ئەوانەی باسمان کرد ئەم دوو خاڵانەی خوارە بکە:

- لەسەر زەوی راکشێ هەردوو دەستەکانت لەسەر رانەکانت دابنێیت.
- هەوڵدە بگیتە قۆناغێك بیر لە هیچ شتێك نەکەیتەوە بەتایبەتی بیر لە ڕۆژەکەشت نەکەیتەوە تەنیا بیر لە خاوبوونەوەی جەستەت بکە.

3-دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی چاو و قاوە: هەر چەند هێگر و ئاڕوودە بیت لە ڕۆژی نمایش بەهەموو شێوەیەك لە خواردنەوەی چا و قاوە دوورکەوە لەوانەیە خواردنەوەی ببێتە هۆی زیتێ و خیرایی بەڕام لە راستیدا گرژی و دەمارگیریش زیاد دەکات.

4-کاتێك بۆ کۆتایی هێنان بە حاڵەتی دۆەراوکێی خۆت دیار بکە: لەڕۆژی نمایش پەیمانێك لەگەڵ خۆت بکە لە کاتژمێرکی دیار کراو کۆتایی بە دۆەراوکێی خۆت دەهێنیت بۆنمووونە کاتژمێر 3 دوایی ئەو کاتژمێرە حاڵەتی دۆەراوکێ لەلای خۆت کۆتایی دەێت کۆنترۆڵی خۆت دەکەیت ئەم پەیمانە لەگەڵ خودی خۆت دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکە ئاسان بێت.

5- ڕاهێنان: ڕۆژی نمایش بەلایەنی کەم بۆماوەی (30) خوولەك ڕاهێنان بکە سی خوولەك بەپێ هاموشۆ بکە، هەموو گرژییەك و دۆەراوکێییەکەت دەوێتەوە جەستەیەکی گونجاوت ئامادە دەبێت بۆ نواندن .

6- پێبکەنە: سەیری فلیمێکی بەزمەسات بکە یان گرتەقیدیۆییەکی کۆمیدی لە یوتیوب سەیر بکە لە گەڵ هاورێکانت پێبکەنە ،چونکە پێکەنین هاوکارە بۆئەوەی جەستەیەکی خاو ئامادەبێت لە هەموو دەمار گیری و دۆەراوکێیەکەت دوورەخاتەوە.

7- زوو ئامادەبوون لە شوێنی نمایش: هەوڵدە پێش هەمووان لە شوێنی نمایش ئامادە بە لەو کاتەدا هەست بە کۆنترۆڵ لەسەر هەموو حاڵەتەکان دەبیت بەپێچەوانەش لەوکاتەی تۆ دەگەیتە شوێنەکە هەڵەکە پێبووە لە بینەران و هەموویان چاوەڕی تۆ دەکەن لەو حاڵەتەدا جۆرە گرژییەك و دۆەراوکێیەکت لەلا دروست دەبێت کاریگەری نەرێنی لەسەر نواندنەکەت دەبێت بۆیە ئەگەر

زوو گەیشتییە هۆکە کەشکی هەمن و ئارام دەبێت.
8- لەگەڵ بینەران گفتوگۆ بکە: هەوڵبدە پێش دەرکەوتنت لەسەر شانۆ لەگەڵ بینەران تێکەڵ بیت ، بڵگومان ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ئەوەی جۆرە بەردەوامیەکت پێببەخشێت لە هەمان کاتدا دەشتوانی لەناو بینەران دابنیشیت بۆ ئەوەی پێیان رابگەینت کە تۆ ئەکتەری و رۆڵت هەیە لە نمایشەکەدا ئەوەش لەو کاتانەدا دەبێت کە جلوبەرگی کەسایەتییەکەت لە بەرنەکردبێت یاخود ماکیاژت نەکردبێت.
9- بیر لە کەسی باشی ناو بینەران بکە: لەبری ئەوەی بیر لە جلوبەرگی بینەران بکەیتەوە
بیر لە کەسێك بکەوە لەناو بینەران کە تۆی خۆش دەوێت هەردەم زۆر بەگەرمی هانت دەدات و لە کۆتایی نمایش چەپڵەت بۆ لێدەدات.
10- خوارەنەوەی شەربەتی پرتوقاڵ: بەنیوکاتژمێر پێش نمایش هەوڵدە هەندێ ئاوی ترشییات بخۆیتەوە ، چونکە هاوکارتە بۆ ئەوەی پاڵپەستۆی خوێن و دەراوکێت کەم بکاتەوە.
11- ئەو گۆرانیە بڵێ کەپێت خۆشە:هەردەم ئەو گۆرانییە بڵێ کە ریتمەکەی هێمنی و ئارامیت پێدەبەخشێت.
بەم هەنگاوانە ئەکتەر دەتوانێ خۆی بەسەر ترس و دەراوکێی شانۆیی رزگار بکات بڵگومان لەسەرووی هەمووی ئەوانەی باسمان کرد باوەڕ بەخۆبوون بەوەی لە هەر حاڵەتێکدا تۆی ئەکتەر دەتوانی باشترین شێوە نواندن بکەیت، ئامادەیت بۆ ئەوەی لە رووداوی هەرحاڵەتێکی چاوەرنەکراو کەتۆی ئەکتەر دەتوانی بەشێوەیەکی راگوزەر چارەسەر بکەیت.
بۆ ئەم بابەت سوودم لەم سەرچاوە وەرگرتووە:
-القلق المسرحی فی اداو الممپل المسرحی / محمد فچیل شناوە

شیعری نوێی جیهانی … لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئەسوەد

ڤالەنتاین
Valentine

کارۆڵان دەفی
شازادەی شاعیرانی بەریتانیا
Carol Ann Duffy (1956)
(Poet Laureate (2009-2019



گوڵکی سوور نا، دڵکی ئاوریشم نا
من سەلکە پیازێکت پێشکەش ئەکەم
مانگو لە کاغەزکی قاوەییدا پێچراوە
بەڵێنی تریفە ئەدات
وەک لەسەرخۆ داکەندنی کراسی عیشق

ئا لەرەدا
وەک عاشقەک
بە فرمێسک چاوت کوێر ئەکات
ڕەنگدانەوەت ئەکاتە
فەتیلەکی لەریوی خەم

ئەمەو ڕاستگۆ بم

کارتی شەنگ نا، پەیامی ماچ نا
من سەلکە پیازێکت پێشکەش ئەکەم
ماچی تفتی لەسەر لێوکانتدا هەر ئەمێنێ
ئەمکدارانو خۆیستانێ،
وەک من و تۆ هەتا هەین

ها وەریگرە


گەر بتەوێ
ئەتوانی لە بازنە پلاتینییەکانی، ئەقڵی هاوسەرگیریی دروست بکەیت
کوشندەیە
بەنی بە پەنجەکانتەوە
بە چەقۆکەتەوە ئێنووسە.

مسز داروین
Mrs Darwin
7ی نیسانی 1852
چووین بۆ باخچەی ئاژەڵان
پێم وت-
ئەو چیمپانزییەی ئەولا تەم بیر ئەخاتەوە.

Carol Ann Duffy, Collected Poems, expanded edition, Picador, London, 2019

هاوار
The Shout

سایمن ئارمیتج
شازادەی شاعیرانی بەریتانیا
Simon Armitage (1963)
Poet Laureate 2019



من و ئەو کوڕەی نە ناویم لێیاد ماوە
نە هەوخساری
پێکەوە لە پێل دەرئەچووین
بۆ گۆڕەپانی قوتابخانە
مەودای دەنگی مرۆڤمان تاقی ئەکردەوە:
ئەو ئەبوو بە هەموو دەنگی خۆی هاوار بکات
منیش لەوبەری گردەکەکەوە
وەک ئاماژەیەک کە دەنگی بۆی کردووە
قسەم هەئەبێ.
ئەو لە پارکەکەوە هاواری ئەکرد
من قسەم هەئەبێ
ئەو لەوسەری ڕێگاوە
لە دامێنی گردەکەوە
لەودیو تابلۆی ئاگادارییی مەزرای "فرێتوەیز فایم"ەوە هاواری ئەکرد
من قسەم هەئەبێ

ساڵ هات و چوو، ئەو لە چاو ون بوو
وا بیست ساڵە لەژێر خاکە
لە ڕەژاوای ئەستراڵیا، فیشەکێك ناودەمی هەدەی

ئەی ئەو کوڕەی نە ناویم لێیاد ماوە نە هەوخساری
ئەستا ئەتوانی بەدەنگ بی، من هەشتا گوێم لە هاوارتە

Simon Armitage, Paper Aeroplane, Selected Poems, Updated Edition, Faber & Faber Ltd, 2019

پێستکارتی سەردەمی لاوێتیمان

شاعیری ڕەمانی/ ئیسڵائیلی: دان پاگیس
(Dan Pagis (1930-1986



لەسەر پیانۆکەتدا بیتهۆڤنکی گەچ وەستاوەو
بیر ئەکاتەوە: سوپاس بۆ خوا کە من کەم.
تەنانەت چەلەکەکانی گەکیش ئەم بایانییە نەشاز ئەخونن.

تەنیا کەنە فرشە کوردەکە لەگەڵ خۆیدا ئاستگیە
بۆ شەلەشەل شەقام ئەپەوە و
بۆ عیبرییەکی تەکشکاو هاوار ئەکا "جلە کەن"!

بەهام گرنگ نییە. لەنەو دەنگە تەکچەژاوەکانەوە، تەنیا دەنگەك
بەرز ئەبەتەوە.
گوڵە زەنگەك لە ژوورسەرماندا
چەماوەتەوە.

The Ecco Anthology of International Poetry, Edited by Ilya Kaminsky and Susan Harris, Words Without Borders, Harper Collins Publishers, New York, 2010

خەمەش

شاعیری سەربی/ ڤاسکۆ پۆپا
(Vasko Popa (1922 – 1991



هەندێك شوون هەندێكیش ئەستێرن

هەموو شوێك ئەستێرەی خۆی دائێگیرسێنێ و
سەمایەكی ڕەش بە دەوریدا ئێكات
هەتا ئەستێرێ ئەسووتێ

پاشان شوێكان لەیەك جیا ئێبنەوە
هەندێك ئێبن بە ئەستێرەو
هەندێكیش هەر بە شوێنی ئەمێننەوە

دیسان، هەموو شوێك ئەستێرەی خۆی دائێگیرسێنێ و
سەمایەكی ڕەشی بە دەوردا ئێكات
هەتا ئەستێرێ ئەسووتێ

دوا شو هەم ئێبێ بە ئەستێرەو هەم بە شو
خۆی خۆی دائێگیرسێنێ و
بە دەوری خۆیدا سەمای ڕەش ئێكات
Vasko Popa, Complete Poems, Translated by Anne Pennington, Anvil Press Poetry Ltd, London, 2011

پیرەمێردەكان
Old Men

شاعیری ئەمەریكی/ ئۆگدن ناش
(Ogden Nash (1902-1971



خەك چاوەڕێی مردنی پیرەمێردەکان ئەکەن
شیوەنیان بۆ ناگێڕن
پیرەمێردەکان جیاوازن. خەك بۆ چاوی سەرسامییەوە
تێیان ئەڕوانن کاتێ..
خەك بۆ ساردییەوە تێیان ئەڕوانن؛
بەڵام کاتێ پیرەمێردێك ئەمرێ پیرەمێردەکان پێی ئەزانن

ئەختەبووت
The Octopus

تکات لێ ئەکەم، ئەختەبووت، پێم بڵێ،
ئا ئەو شتانەی قژ و بازوون ،یان قاچن؟
سەرم لێت سوماوە، ئەختەبووت؛
لێبری تێ بم، بۆ خەم ئەژمێرم ئەمە.

ئەژنۆ
The Knee

شاعیری ئەڵمانی/ کریستیان مۆرگنشتێرن
(Christian Morgenstern (1871-1914



ئەژنۆیەك بە دنیادا ئەگەڕێ
تەنیا ئەژنۆیەو هیچی دی
دەوار نییە؛ درەخت نییە؛
تەنیا ئەژنۆیەو هیچی دی

پیاوەك هەبوو لە جەنگدا بوو
زیاد لە پێویست کوژرا، بە شێوەیەکی دڵەڕاوکێ کوژرا
تەنیا ئەژنۆی دەرباز بوو، بە ئەوەی زیانی پێ بگات
بگەڕد، وەك موفەتکی قەدیسەك

لەوساوە بە تەنها جیهان تێی ئەکات
ئێستا، تەنیا، ئەژنۆیە
نە دەوارە؛ نە درەخت؛
تەنیا ئەژنۆیەو هیچی دی

The Rattle Bag, edited by Seamus Heaney and Ted Hughes, Faber and Faber, UK, Norwich, reprinted 1984

کە بیستویەك ساڵان بووم
When I was Twenty-One
شاعیری کەندەدی/ ویلیەم کلیبەك
William J. Klebeck


کاتێ بیستویەك ساڵان بووم

هەموو کوانیان ئاپۆچی جەنگ کردو، هەموو کوژران
من نەبە، بە پێی خوارو خێچ، لە ماڵدا دانیشتم

سی ساڵ پاشترمن لەمە گەیشتم
کاتێ لەگەڵ برازاکەمدا، لەنێو جەنگەڵدا پیاسەمان ئەکرد
تا گەیشتینە چەقوانییەك، دارکی چەماوەی تەنیاو زیندوومان بینی
لە گەڵستانکی پێ لە بنچکە داردا
برازاکەم دەستی بە دارە چەماوەکە درێژ کرد:
"بەوانە ئەو دارە چەند بەکەڵکە"
منیش، بە بیرکردنەوە، وەڵامم دایەوە
"بەوانە ئەو دارە چەند پیرە"

چوار بچکە پەینگ
Four Little Tigers

شاعیری ئەمەرکی/ فرانك جیکبس
(Frank Jacobs (1929



چوار بچکە پەینگ
لەژێر دارکدا دانیشتوون
یەکێکیان کرا بە پاتێی خانمك
ئێستا سێیان ماون

سێ بچکە پەینگ
لەژێر ئاسمانی شیندا
یەکێکیان بوو بە فڕڕشی دەوەندك
ئێستا دوانیاین ماون

دوو بەچکە پەینگ
لەبەر خەرتاودا نووستوون
سەری یەکیان بوو بە خاتی ئاوکەرك
ئەستا یەکیان ماوە

بەچکە پەینگك
چاوەوانی چارنووسی خەی ئەکا
ئووپس! ئەو دەسپەشخەریی کردو کا برای ئاوچیی کوشت
ئاخە تە بەختەوەر نیت؟

A World of Poetry, Selected by Michael Rosen, London 1991

ترس
Fear

چارلز سیمیك/ شاعیری سەربی – ئەمەرکی
(Charles Simic (1938




ترس لە کەسکەوە بە کەسکی دی ئەوات
بە ئاوەی پە بزانن
وەك گواستنەوەی لەرینەوە لە گیایەکەوە بە گیایەکی دی

لە ناکاو هەموو درەخت ئەکەوتە لەرینەوە
بە ئاوەی نیشانەی با هەبە
Being Human, Bloodaxe Books Ltd, Northumberland, UK, 2015

پووشکێ بێ قنگێ
Dragonfly

گاری سنایدەر/ شاعیری ئەمەریکی
(Gary Snyder (1930



پووشکێ بێ قنگێی
لێناو بەفردا مردوو
چەن گەیشتیتە ئەم بەرزاییە
ئاخێ بەر لەوەی بمری
بەچکە ئاوەڵەکەت
لە گەماوی چیایەکدا جێ هێشتووە
The Book of Luminous Things, An International Anthology of Poetry, edited with an introduction by Czelaw Milosz, First Harvest edition USA, 1998

ژن و مێردێ پیرەکەی دراوسێمان
The Old Couple Next Door

چاڵز بوکەوسکی/ شاعیری ئەمەریکی
(Charles Bukowski (1920-1994



ژن و مێردێکی پیر بوون
کاتی نووستن ژنە سەری ئەخستە لایەکی سیستەمەکە
پیرەمێردیش سەری ئەخستە ئەولای دی
پێیان وابوو گەر کەسێك بە نیازی کوشتنیان
سەر بە ماڵیاندا بکات
هیچ نابە یەکێکیان چانسی دەرباز بوونی هەبە.

کە پیرەمێرد مرد
ژنە، بووکەیەکی سیخناخی بەقەد باڵای مێردەکەی
دروست کردو
کاتی نووستن سەری خستە لایەکی سیستەم و
سەری بووکەی خستە لایەکی دی.

هەروەك جارانیش
شەوانە هیچ نابە جارێك،
لەخەو هەڵئەستاو بە تووڕەییەوە هاواری بەسەردا ئەکرد:
"بەس بپەخنە!"

Charles Bukowski, Come On In, New Poems, Ecco, New York, 2006

کۆبەندی ئابووریی داڤۆس … هیوا ناسیح

ئامانجەکانی چییە و کێ بەشداری دەکات؟
هیوا ناسیح / سویسرا

